بەهای شەپۆلی گەرماوە زیاتر لە چوار هەزار کەس لە بەریتانیا گیانیان لەدەستدا

لە خەمڵاندنکی فەرمیدا لەسەر ئاماری مردن بەهی کەشوهەواوە، مەزەندە دەکرێت لە ساڵی 2022دا نزیکەی 4507 حاڵەتی مردن بەهی گەرماوە لە بەریتانیا هەبووە.

بەریتانیا گەرمترین ڕۆژی تۆمارکرد لە مانگی حوتی ساڵی 2022 دا، کاتێک پلەی گەرما 40 پلەی سیلیزی تێپەڕاند لە کاتی شەپۆلی گەرمبوونی گلۆبانی کەشوهەوادا کە وڵاتانی ئەورووپای گرتەوە.

نوسینگەی ئاماری نیشتمانی لەم بارەیەوە ڕایگەیاند، لێکۆڵینەوەکە هەندێک ئاماژەی نیشان داوە کە ژمارەی مردن بەهی گەرماوە لەم ساڵانەی دواییدا زیادی کردووە، بەڵام داتاکانی بە تاقیکردنەوە وەسف کردووە و ئامژگاری وریابوون دەکات کاتێک بڕاوردی تاکەکان دەکرێت لە ساڵەکانی بە ساڵەکی تر، جێختی کردەوە، کە هەر گۆڕانکاریەک لە کەشوهەوادا بڕامبەر پلەی گەرمی تووندتر دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی مردنەکان